## دەسەڵاتی كوردی وخۆپیشاندان ... سەلاحەددین بابەكر

دوای خۆپیشاندانەكەی (16/3) ی هەڵەبجەی شەهید، جێگای خۆیەتی دیاردەی خۆپیشاندان لە كوردستاندا و چۆنیەتیی مامەڵەكردنی دەسەڵاتی كوردی لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بە قوڵی و بابەتیانە دیراسەر بكرێ، بۆیە دەڵێم بە قوڵی و بابەتیانە، چونكە زۆربەی ئەوەی تا ئەم ساتەوەختە دەربارەی ئەو خۆپیشاندانانە وتراوە و دەوترێ رووەكەش و نابابەتیانەیە و نەچووەتە ناو لێكدانەوەی قوڵی دیاردەكە، بەتایبەتی ئەوەی لەلایەن دەسەڵات و لایەنگرانی دەسەڵاتەوە وتراوە و دەوترێ، یان دەنووسرێ و بڵاو دەكرێتەوە.
بەداخەوە ئەوەی دەربارەی خۆپیشاندانەكەی خەڵكی هەڵەبجە وترا و نووسرا جیاوازیی نەبوو لەگەڵ هەموو ئەوەی كە وترا و نووسرا دەربارەی خۆپیشاندانەكانی رانیە و كەلار و كۆیە و ئاكرێ، كە لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا روویان دا، بە واتایەكی تر دەسەڵاتی كوردی یەك جۆر خوێندنەوەی هەیە بۆ سەرجەم ئەو خۆپیشاندانانە، ئەوش خوێندنەوە و لێكدانەوەیەكی تەئامووریانە و ئەمنییانەیە، كە بەداخەوە هەمان خوێندنەوە و لێكدانەوەی رژێمە نادیموكراتییەكانە.
ئەو جۆرە خوێندنەوە و لێكدانەوانە بە هیچ جۆرێك چارەسەری خۆپیشاندان ناكات و لە هەمانكاتدا لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتیشدا نییە، چونكە ئەگەر مێژوو بخوێنینەوە بە ئاسانی دەگەینە ئەو راستییەی كە خوێندنەوەی تەئاموریانە و مامەڵەی پۆلیسانە و چارەسەری ئەمنییانە رۆژێك لە رۆژان نەیتوانیوە رێگر بێت لە بەردەم شەپۆلی خۆپیشاندەراندا، بەڵكو بە پێچەوانەوە.. تورەیی و نارەزایی جەماوەری بە رووی دەسەڵاتدا زیاتر كردووە و كەلێنی زۆرتری خستووەتە نێوانیانەوە، هەر وەكو ئێستا ئەم حاڵەتە سەرەتاكەی لە كوردستاندا هەستی پێ دەكرێ، كە پێم وایە ئەگەر چارەسەر نەكرێت وردە وردە سەر دەكێشێت بۆ دابڕانێكی ترسناك لە نێوان دەسەڵات و جەماوەردا.
دەسەڵاتی كوردی پێویستە بە دوای ئەو هۆكارانەدا بگەرێت كە وای لە جەماوەر كردووە خۆپیشاندان بكات و دەنگی نارەزایی و تورەیی بە روودا بەرز بكاتەوە، بۆ ئەوە پێویستی بە گفتوگۆیەكی هێمنانە و بابەتیانە هەیە لەگەڵ جەماوەردا و، بۆ سەركەوتنی ئەو گفتوگۆ و حیوارەش پێویستە خۆی لە خانەی بەرائەت و جەماوەریش لە خانەی تاوانبار دەربكات، بەڵكو پێویستە وەك دوو لایەنی خاوەن كێشە گفتوگۆ بكەن و بە دوای چارەسەردا بگەرێن.
لە كۆتایدا دەڵێم، ئەگەر دەسەڵاتی كوردی لە هەردوو دەڤەردا بە شێوەیەكی جدیتر لە دیاردەی خۆپیشاندان و نارەزای و توورەیی جەماوەر و داواكارییە رەواكانیان نەكۆڵێتەوە و بە رێگەچارەی ژیرانە و مەسئولانە مامەڵەی لەگەڵدا نەكات، ئەوە پێم وایە رۆژێك دێت خۆپیشاندان تەنها لە قەزا و ناحیەكاندا نابێت، بەڵكو شارە گەورەكانی كوردستانیش دەگرێتەوە، كە بە راستی هیوا بۆ ئەو رۆژە ناخوازین و، هیوادارین دەسەڵاتی كوردی بە جۆرێك مامەڵە بكات جەماوەر ئەو دەسەڵاتە بە هی خۆی بزانێ و دەسەڵاتیش ئەوەی لەبیر نەچێتەوە كە جەماوەر سەرچاوەی دەسەڵاتی ئەوە.

---